راکەیاندنی سەنتەری مناڵان سەبارەت بە کوشتنی لاڤە جەمالی 4 ساڵان لە لایەن ژنە ئەفسەریکی 2 ئەستێرەوە

## با تاوانی کوشتنی لاڤە جمال، ببیتە هۆکاریك بۆ کۆتایی هینان بە تووند وتیژی لە دژی منالان!

لە رۆژی 2-4-2006 ەوە ، لاڤە جمالی 4 سالانە لەگەرەکی شیخ محی الدین نزیك قوتابخانەی بەرانان، دیار نامینیت و ئەمەش بووە هۆی نارەحەتیەکی گەورە بۆ دایك و باوك و کەس و کارەکەی ، هەموو شوینیك بۆ ئەو پەپولە ناسکە دەگەرین ، بەلام سەد حەیف سەر و سۆراخی ناکەن و خۆشیان شکیان لەژنیکە کە هەلگری 2 ئەستیرەیە و لە هیزی پارستنی سنوور لە وەزارەتی پیشمەرگە کار دەکات .

2 رۆژ دوای دیار نەمانی لاڤە، کەس و کارەکەی شکات لەو ژنە دەکەن کە ناوی –مریم– ە ولە لایەن ئاسایشەوە دەگیریت،بەلام هیچ اعترافیك لە سەر کارەکەی ناکات.

تا رۆژی 23-4-2006 کە اعتراف دەکات بەوەی کە هەلساوە بە کوشتنی ئەو منالە و وەك دوای دان پیا نانەکانی روون بووەوە ، بە شیوەیەکی درندانە ئەم کارەی ئەنجام داوە و دوای ئەوەش لە ناو چەند گونیەیەکدا لە چالیکدا شاردوویەتیەوە. ئەم رووداوە شاری سلیمانی هەژاند وهەمووان لە رادەی درندەیی و نائیسنانیەتی ئەم کارەساتە دلیان ژانی کرد.

بەلام ئەمە یەکەمین رووداوی دل تەزین نیە کە بەم شیوە درندانەیە ئازار و ئەشکەنجەی منالان دەدریت ،چەند رۆژ لەمەو بەر لە شاری کلار ، منالیکی تر بە هەمان شیوە کوژاروە و تەرمەکەی دواتر دۆزراوەتەوە، چەند مانگ لە مەو بەر لە شاری رانیە منالیکی 4 مانگە بە شیوەیەکی لەمە درندانە تر کوژرا بوو ، وە دواتریش پارچە پارچە کرابوو، وە ئیمە لیرەدا دەتوانین دەیان نمونەی ئاوا جەرگ بر باس بکەین ،ئەمە جگە لەوتاوانانەی کە دەرهەق بە مناڵان دەکریت و رۆژانە لیدان وئیهانە و شکاندنی نەفسیەت وبەکەم حساب کردنی منالان و کار پی کردن و چەندین شکل و شیوازی تری تووند و تیژی بەکارهینان لە دژی منالان دەبیستین و دەبینین.

تا کەی ئەم درندایەتیە، بەرامبەر بە منالان؟ تاکەی منالان لەم وولاتەدا لەجیاتی نەرم ونیانی وپیدانی سۆز و خۆشویستی پییان ، تاکەی دل رەقی هەموو ساتە بۆیان بکریتە دیاری لە جیاتی یاری وشادی و پیکەنین؟ منالان بخرینە بەر کار کرن و جەستەی ناسکیان بە پەپولەیی شەکەت و ماندوو بکریت؟ تاکەی منالانمان چەکدار بکریت و لە جیاتی خویندن و فیر بوونی زانست ، چەك لە شانیان بکریت ؟ تاکەی ........؟ و تا کەی..........هتد؟

ئیمە لە سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان ، ویرای دەربریتی نارەحەتی قوول و بیزاری لە رادده بە دەرمان بەرامبەر بە کارەساتی کوشتنی لاڤە جمالی تەمەن 4 سالٚ بەو شێوە دڕندانەیە، داواکارین لە حکومەتی هەریم کە:

1– تاوانباری کوشتنی لاڤە جمال ، لە دادگایەکی ئاشکرادا ،دادگایی بکریت و توووندترین سزا بدریت.

2– دانانی قانوون و رێو شوینی گونجاو لە لایەن حکومەتی هەریمەوە بۆ ریگرتن و کۆتایی هینانی بە دیاردەی تووند و تیژی لە دژی منالان.

وە لە هەمان کاتدا ، بانگەوازی هەموو حیزب و ریکخراو و کەسانیکی ئیسنان دۆست ، دەکەین کە بۆ ریسوا کردن وکۆتایی هینان بەم دیاردە نامرۆڤانانە دەنگی خۆیان بەرز بکەنەوە ، لە پیناو کۆتایی هینان بە توووند و تیژی لە دژی منالان.

**کۆتایی بیت دیاردەی توووند وتیژی لە دژی مناڵان**

**سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالانی کوردستان**

www.santarimnalan.com

santarimnalan@santarimnalan.com

**2006-4-25**

PCCI Sherzad Fatih - Sweden 0046 73 57 15 449
Azad Ahmed –Iraq & Kurdistan 00964 770 153 3432
Sherco Rahim – Kirkuk 009647701275596
Qasm Hanoon – Bagdad 009647702736192
Kamaran Latif – Sulaimaya 009647702133714

Org. Nr: 18-122 06
www.santarimnalan.com , santarimnalan@yahoo.com